# شەوچەرەی تەمەن

عمر امين على

ناوی کتێب: شەوچەرەی تەمەن

ناوی نووسەر: عمر امین علی/ ڕانیە

بابەت: وتەی زێڕین

تیراژ: ١٥٠٠

چاپخانەی: دەرەوەی وڵات

ساڵی: ٢٠٢١ میلادی

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی( ٧٤٩ )

ساڵی (٢٠٢١)ی دراوەتێ

## هەڵوێستەیەك

بەگەنجی زۆرم مەبەست بوو ئەندازیارێکی نەخشەکێش بم، بۆئەوەی بەشداربم لە بنیاتنانی قەڵای سەربەخۆیی نەتەوەکەم، ئامانجەکەم بەدیهێنا، بەڵام داخەکەم قەدەر ڕێگەی نەدام، لە نەخشەکاندا دەمبینییەوە، بەنداوو پردو ڕێگەو بانو دیوارو دەرگاو پەنجەرەو پێپیلکە، دەبوونە وشەی ڕەنگاوڕەنگ، خۆیان ڕیز دەکردو وەکو تابلۆ دەردەکەوتن، منیش لە کۆتایی تەمەندا بەپێویستم زانی ئەو تابلۆیانە بخەمە بەردەم نەوەکانی داهاتوو، بەو هیوایەی ڕۆژگارێك بچنەوە قاڵبە ئەندازیاریەکەو ببنە بەردێکی بناغەی سەکۆی ئاڵاکەی کوردستان.

عمر امین علی

٢٠٢١/٦/١٠

مێژوویەکی ڕەش

١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

لە زەماوەندێکی خوێناوی، بەتارای سەوزی
هسێنەوە، لە کەژاوەی دەبابەی (ئەبرامز)دا
بە دەهۆڵ و زوڕنای کوردی، بابەگوڕگوڕیان
بە بووک برد.

عمر امین علی

جمهوريه العراق

منطقة الحكم الذاتى

(امة عربية واحدة ذات رسالة خالدة)

(يا حوم اتبع لو جرينا)



الاسم: عمر امين على

المواليد: ١٩٥٦

محل الولاده: شمال العراق

القوميه: الكرديه

المهنه: مخرب

سبب الوفاة: دُفِنَ حياً

فىعمليات الانفال

تأريخ الوفاة: ١٩٨٨



**قائد عمليات الانفال**



برنارد كوشنەر، ئاوازی مۆسیقای سارێژبوونی برینە قوڵەکانە، مرۆڤایەتی لەئاستیدا چۆك دادەدات.

عمر امين على

Bernard Kouchner, music's rythem of healing deep scares, humanity bends the knee to his majesty.

Omer Amin Ali

چەقۆ ئەگەر زانیبای لە کۆتایی
تەمەن کول دەبێت، کاری بڕینی
هەڵنەدەبژارد.

عمر امین علی



مەحاڵە مرۆڤ لە یەك كاتدا هەموو خۆشیەكانی ژیانی دەستكەوێت، ماڵو سامان خۆشەویستی هاوسەرو منداڵەكانت لێدەستێنیٚ، هەژاری دۆستایەتی خواو ئاسوودەبیت بۆ دێنیٚ، ئادەمو حەوا لە خۆشگوزەرانیەكانی بەهەشتدا لەسەر خواردنی بەری دارێك كرانە دەرەوە.

عمر امين علی


له دایکبوونی کۆرپەیەك كه
بەخێوکردنەکەی بارگرانی بێت
بۆ دایكو باوکەکە،
ئەوە بێبەرنامەیی ناو پێخەفە.
عمر امين على


لەململانێی دوو لایەنی ڕکابەردا،
ئەوەیان کە بەرەو شکستە، هانا
بۆبەر پۆخڵەواتی زمان دەبات.
عمر امین علی

ئەو پاروەی کە ئێستا دەیخۆیت، شوێنەوارەکەی چل ڕۆژ لە جەستەتدا دەمێنێتەوە، جا ئەگەر حەڵاڵ بێت، ئەوا لەو ماوەیەدا چاو شـــتەکان بە ڕوونی دەبینێت، گوێچکە شتەکان بەڕاستی دەبیستێت، مێشکیش بەڕەوانی بیردەکاتەوە، تۆوەکەشـت منداڵی چاکەکاری لێ پەیدا دەبێ، ئەگەر پاروەکەش حەڵاڵ نەبێ؛ ئەوەیان خۆت بیرێکی لێ بکەوە.

عمر امين على



نیشتمان دایکی شەهیدانە، هەموو ئەوانەش کە دڵیان نەخۆشە،
وەکو بێوەژن تەماشای دەکەن، بەو هیوایەی مژێکی لێدەن.
عمر امین علی



# مقەس ئەڵقە لەگوێی پەنجەی خاوەنەکەیەتی.

عمر امین علی


دکتۆر ئەگەر بوو بە بازرگان،
دەرمانەکان دەبنە ژەهرو،
نەخۆشخانەش دەبنە زیندان.
عمر امین علی


شۆك
واوووو
پرۆفیشناڵ
orgasm
ماترپیۆلیزم
چێنج کەلەر
گەلەری
دیبەیت
کۆلێکشن
فاینەڵ
ئۆریجناڵ
جۆرنالێزم
ئۆکەی
هەلاو
سووپ
ئۆلیڤ ئۆیەڵ
بای بای
ڕۆشـــــــنبیریت بەزمانی بێگانە نابێت
زمانی ڕەسەن لەلادێوە سەردەردەنێت.
عمر امین علی




## پێوەری عەقڵ


هەر کاتێك هەستت کرد کە مەیلت نییە، شتێك لە بەرژەوەندی گشـــتی بۆخۆت دابین بکەیت، بزانە ئەوە خەریکە دەبیت بە مرۆڤ.

عمر امین علی

هەر پێکهاتەیەکی زیندوو پێویســـتی بە خواردن و خەوتن نەبێت، دەبێت هێزێکی لەبن نەهاتوو بێت.

عمر امین علی


ماموٚستای سەرکەوتوو،
قوتابییەکانی لەخوٚی
زیرەکتر دەبن.
عمر امین علی


لێهاتوویی فرۆشیار، کڵاوی فیڵ
لەسەری کڕیار دەکات.
عمر امین علی

موگناتیس تەنها دۆستایەتی ئەو
توخمانە دەكات كە لەپێكهاتەی
خۆیەتی، بۆیە هەرگیز هێزەكەی
لەدەست نادات.

عمر امین علی


زۆر گرنگە خەڵکی هاندەیت
نەمامێك بچێنن، بەڵام گرنگتر
ئەوەیە فێریان بکەیت نەمامە
چێندراوەکان نەشکێننەوە.
عمر امين على



مێیینەی پێشـكەشـكار لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن، لەبەردەم كامیرا ئەوەندە خۆیان سەغڵەت دەكەن، دوای ماوەیەك وەكو نێرینە دەردەكەون.

عمر امين علی

ئەوەی بەردەوام پەنجەی لە
کوونە لووتی وەردەدا، مەگەر
شتێکی لەبن سەردایە.

عمر امين على

## پێکەنین‌و گریان

پێکەنین لۆمەی گریانی کرد: (هەرکاتێك من سەفەر دەکەم شوێنەکەم لێ داگیر دەکەی)،

گریان وەڵامیدایەوە:

(لە دووری تۆ شیوەن دەکەم).

عمر امین علی

مرۆڤ لەچاو سەگدا کەڕەو لەچاو کەڵەشێریش کوێرە، سەگ گوێبیستی دەنگی مردووەکان دەبێت، بۆیە بە نەرمەغار گۆڕستان جێدەهێڵێ. کەڵەشێریش کە قوقاندی واتە فریشتەیەکی خوای بینیوە.

عمر امين علی

## سایەو سێبەر

سێبەر مایەی ئارامیو پشوودانە،
لەوڕۆژەوە کە مرۆڤ دروستکراوە
ئەوەندە لاسارە سێبەرەکەی لێی
نامۆیە، بەو هیوایەی خەڵکانی تر
لەسێبەرەکەیدا بحەسێنەوە.

عمر امین علی

گۆشـــت خۆراکی دڕندەکانە،

سـەرنج بدەن: شێرو پڵینگو

گورگ‌وڕێوی‌و چەقەڵ‌و سەگ

لە گۆشتخۆرەکانن.

ئەو تیشكو شەپۆلە نادیارانەی

لە قژی ئافرەتانەوە دەردەچن،

فریشتەكان نارەحەت دەكەنو

پەردەی دڵی نێرینەكانیش كون

دەكەن.

عمر امین علی

کە دەسەڵاتدارێك دیارییەكت پێدەبەخشێ،

دڵنیابە ئەوە ڕێشمەت لەمل دەكات،

لەداهاتووشدا شـــــتێكت لێوەردەگرێتەوە

زۆر لە بەهای دیاریەكەی بەنرخترە،


جا لەوانەیە ئەوشتە گیانی خۆت بێت، یان

شەرەفـو ناموسی كەسوكارەكەت.

عمر امین علی

لە هەر کۆمەڵگایەك ئەگەر ژمارەی
یاساناسان زۆرتر بێت لە ژمارەی کارمەندانی
خزمەتگوزاری شارەوانیەکان،
واتە: کۆمەڵگایەکی بۆگەنیوی بێ یاســـــایە،
وەك بەرمیلی زبڵ وایە.

عمر امین علی


لەنێو كۆڕو كۆمەڵێك دامەنیشە كە
ڕێز لە پارسەنگی كەسایەتیەكەت
نەگیرێت.
عمر امین علی

## سەرمۆر

پەردەی کچێنی پەنجەمۆری پاکیو
بێگەردییە، خوا بەخشیویەتە کچان.

عمر امين على



دەزبێحەکەی ملی خەنجەر، بڕیاری

اعدامی شەڕە.                    عمر امين علی

# گواره پەیامی مەکری ئافرەتانە بۆ ورژاندن‌و ڕاکێشانی پیاوان!

عمر امين على




چاوچنۆکی دامێنو چاوەکان،
لەنێو گۆڕدا چارەدەکرێن.
عمر امین علی


له بنەڕەتدا لەسەر ئادەمیزاد نووسراوە:
(لەماوەی چل ڕۆژ، نینۆکەکان کورت بکرێنەوە).
عمر امين على


ئەگەر دەتەوێت ژیرانە بژیت،

وەك مێشی هەنگ بە،

هەنگوینیش دروستبکەو

ئامادەشبە بۆ پێوەدان

عمر امین علی


داننان بە کردەوە چەوتەکاندا،
ئاسانکارییە بۆ گەیشتن بە لوتکە.
عمر امين على


سمێڵی گەورە نیشانەی
لاوازی خاوەنەکەیەتی.
عمر امین علی

مزگەتو کەنیسەماڵی خوان

خواش نایەوێت بەهۆی دیوی دەرەوەی ماڵەکانی خۆی بە خەڵکی بناسێنێ، بەڵکو مەبەستیەتی دیوی ناوەوەیان شایستەی ئەوەبن کە ماڵی ئەون.

کوتانی پێست، وەکو هێمای هاتووچۆیە، بە ئاسـانی ڕێگەت نیشان دەدات بۆ ئەو مەبەستەی کە دەتەوێت بیگەیە.

هێمای مێشی هەنگیش نیشانەی ڕشتنی هەنگوینو پێوەدانە !

(عمر امین علی)



## تەرازووی سروشت

لە پەیڕەوی دەستپاکیو ڕاســتبێژیدا، هەرگیز مەترسیٚو دانبەخۆداگربەو مەردانە بژی، بێگومانبە ڕۆژێك دادێت نەیارەکانت بەرانبەرت چۆك دادەدەن.

عمر امين على


لووت بەرزی
لووت بۆ بۆنکردن‌و......
هەواگۆڕکی مێشک دانراوە
ئاگاداربە بەرزی مەکەوە.
عمر امين علی


لەفەرهەنگی خۆشەویستیدا
وشەی (پەساپۆرت)و (سنوور)
جێگەیان نابێتەوە.
عمر امین علی


تاڵاوی ململانیٚ
لەنێو نەتەوەیەکی ناتەبادا،
دیموکراتیەت بۆیاغەو
یاساش هەنبانەی فرتو فێڵە.
(عمر امین علی)

## سادەو ساویلکەیی

میللەتی نەزان کوێرانە عاشقی شتەکان
دەبێتو بەزووییش لێیان بێزار دەبێت،
بۆیە بەردەوام دەستخەڕو ماڵ وێرانە.

عمر امين على

لۆمەکارەکان وەکو سەگ وان،

ســـەگیش کلکی خۆی نابینێ،

تەنها کلکی ئەوانیتر دەبینێ.

کلکەکەشی خوارەو بەدرێژایی

تەمەنی ڕاست نابێتەوە.

عمر امین علی

مەترسیدارترین جۆری ئەنفلەوەنزا

لەنێو کۆمەڵگا ئەوەیەکە: دادوەرو

پزیشـــــکو مامۆسـتـــــا لە ململانێی

حیزبایەتییەوە بگلێن.



عمر امین علی

ئەگەر ویژدان ئاسودە بوو،

گرنگ نییە باخەڵ چەندی

تێدایە.

عمر امين على


ناكرێت مرۆڤ بیر لەوە نەكاتەوە
لەكوێوە هاتووەو بەرەو كوێ دەڕوات،
بۆچی هاتووەو چی لەگەڵ خۆی دەبات.
عمر امین علی


پەلەکردن دەبێتە هۆی
ناتەواوی ئەو ئەرکەی کە
دەتەوێت ئەنجامی بدەیت.
عمر امین علی



تۆپ گۆڵ دەکات،

کەچی بەشی هەر تێهەڵدانە.

عمر امین علی

ئازادی بەبێ یاسا، تڕێکی بۆنداره.

عمر امین علی

هەتا نانەواخانەیەك نەکەیتەوە بۆ میللەتەکەت، هەوڵ مەدە کتێبخانەیان بۆ بنیات بنێت، هەتا سـووتەمەنی سەرمای زسـتانیشـیان بۆ دابین نەکەیت، هەوڵ مەدە نەمامێکیان بۆ بچێنیت.





خۆشیەکان تەمەنیان کورتە، لەسەر
پەردەی دڵ دەنیشنەوەو، دوای ماوەیەک
دەفڕنو ئاخو داخ جێدەهێڵن.

عمر امین علی



بەکارهێنانی دەزبێحی درێژ، وەکو
بۆیاغکردنی سمێڵەکان وایە.

عمر امين على

که ستەمکاری سەر هەڵدەدا

تۆڵە دێتو،

بانگی ئازادی لێدەدا.

عمر امین علی


بێکاری فێری ئەوەت دەکات کە
کارێکت دەستکەوت،
ماندوونەناسانە ئەنجامی بدەیت.
عمر امين على




گریان: دەربازبوونی زیندانییە لەزیندانەکەی.


عمر امين على

ناو ناسنامەی کەسە، پێیەوە دەناسرێتو لەژیانی دنیادا بەختو پەیوەندیەکانی دیاریدەکات، لەژێر کاریگەری کەسایەتیەکەیدا،

هەر بەو ناوەش ڕادەستی خاك دەکرێتەوەو،

دوای زیندووبوونەوەش بەناوی خۆیو باوکی بانگ دەکرێت بۆ لێپرسینەوە.

عمر امین علی


ئافرەت بە قرچەقرچ و گلۆپ
تەقاندنی بنێشـــتەکەی نێو
دەمی، لە کەسـایەتیەکەی
خۆی کەم دەکاتەوە.
عمر امین علی


پارە، کەر دەکات بە شێر،
دەسەڵاتیش، ڕێوی دەکات بە حاکم!
عمر امين على




که میوزیك بوو به خۆراك، جەستە وەك ڕەوشەنی
ڕووناکی دەدرەوشێتەوە.

عمر امین علی


ئافرەت ئەندازیاری بنیاتنانی
کۆمەڵگایە، دوورکەوتنەوە لە
ئەرکەکانی گۆمەکە شـــلوێ
دەکات.
عمر امین علی


پۆشاك پەردەی شەرمە، شەرمیش
دەربڕینی ناخە، ناخیش بەردی
بناغەی کەسایەتییە، کەسایەتیش
ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی جەستەیە،
ئادەمو حەواش کە دامێنەکانیان
دەرکەوتن، بە گەڵای داری بەهەشت
دایانپۆشین.
عمر امين علی


تاریکی شەو لەپێش کازیوەی بەربەیان
لە هەموو کاتەکانی تر چڕترە، بەڵام کە
کەڵەبابی عەرش قوقاندی، بە بێدەنگی
مەیدانەکە جێدەهێڵێت.
عمر امین علی


لەڕێزلێنانی خەڵکیدا، ئەوەندە
خۆت مەکە بە خاك‌و خۆڵ بکەویتە
ژێر کەوشەکانیان.
عمر امين على



کتێب بۆ خوێندنەوەیە نەك نمایش کردن.
عمر امين على

مرۆڤ ئەگەر جڵەوی ئـارەزووەکانی
نەگرێتەوە، مەحاڵە نازانێ تێربوون
چییە، داوود نەوەدو نۆ ژنی هەبوو،
مەیلی وابوو بیانکات بە ســـــــەد،
هەموو ڕۆژێك سەرکردەی سوپاکەی
دەنارد بۆشـەڕ بۆئەوەی بکوژرێتو
ژنەکەی مارە بکاتەوە.

عمر امين علی



ئەگەر نیازت پاك بێت، گرنگ نییە دێخونی
پانتۆڵەکە پەتە یان لاستیك.


عمر امين على



هیچ تەڵەیەك ئەوەندەی تەڵەی ئافرەتان

هەستیار نییە.                    عمر امین علی


پۆلیس پاسەوانی یاسایە، کە
یاساش مرد، گیرۆدەی عەشقی
بەرتیلە.
عمر امین علی



لە فڕۆکەخانەی مردندا، ڕۆیشــتن بەبێ گەڕانەوەیە، گەشـتیار داوای پەساپۆرتو فیزەی لێناکرێت، ڕێگەشی پێنادرێت هیچ پێداویستییەك لەگەڵ خۆیدا بەرێت، بە ڕووتی بە ئیحرامێکی سپییەوە بەڕێدەکرێت، کێشەکە لەوەدایە کەس ئاراستەی فڕینی فڕۆکەکە نازانێت!



هەتا مەیدانی عەقڵ فراوانتر بێت، شوێنی
زیادەڕەوی قسەکردن تەسک دەبێتەوە.

عمر امين علی

بۆ چارەسەری تینویەتی

مەبەستێك، هەوڵدە ئاوەکە

لە سەرچاوەکەیەوە بخۆیەوە.

عمر امین علی

## پێوەر

خیانەتی بازرگانو ئەوانەی لە بواری ئابووری کاردەکەن، زۆر مەترسیدارترە لە شکستی بەرەکانی جەنگ.

عمر امین علی


له شۆڕشی چەواشەکاریدا
شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ
بۆ بەیانی دەبنە دکتاتۆر.
عمر امین علی


شێتایەتی
هەموو خۆشەویستییەك
پلەیەكی شێتایەتی تێدایە،
عاشق بوونیش لوتكەی هەرە
بەرزی ئەو شێتایەتیەیە.
عمر امین علی

## دەرمانخانەی دڵ

دڵ مەملەکەتێکی فراوانە، لەدەرمانخانەکەیدا چارەسەری هەموو دەردێك هەیە، تەنها مردن نەبێت، هەموو دەرمانەکانی لە کارگەی عەقڵدا دروستدەکرێن، ئافەرین بۆ ئەوکەسەی لەکاتی دیاریکراوی خۆیان بەکاریان دەهێنێتو، خۆی ناداتە دەست شەڕابی ئارەزووەکان.

عمر امین علی

لەنێو هەموو گەل‌و نەتەوەیەك كەسانی وەكو (غاندی) و (ماندێلا) هەڵدەكەون، لەنێو نەتەوە ژێرەكان، وەكو سومبلی مرۆیی دادەندرێن، لەنێو نەزانەكانیش دەكرێنە فەرشی سوری ژێر پێی سەركردە خۆسەپێنەكان.

عمر امين على

زیادبوونی خاوەن بڕوانامەی باڵا لە
ئاست بڕوانامەی مام ناوەند، کۆمەڵگا
بەرەو مت بوونو گەندەڵی دەبات.

عمر امین علی



ئەگەر شێوەکەشت بشاریتەوە، ڕەفتارەکانت

شاهیدیت لەسەر دەدەن.

عمر امين على



گوڵەبەڕۆژە ئەگەر ڕووی خۆی لەخۆر وەرگێڕێت،

دەنکەکانی پوچەڵ دەبن. عمر امین علی

بیرەوەریەکانم نانووسمەوە،

چونکە بیرەوەری چاپکراوی

هەندێك لە هاوڕێکانم بە درۆ

دەخاتەوە.

عمر امین علی

هەر نەتەوەیەك نەگاتە ئەو قۆناغەی بوێرانە پەنجەی بۆ چەوتیەکان درێژ بکات ، هەرگیز نابێتە کۆمەڵگایەکی شارستانی.

عمر امین علی



لەشـــەڕی نێوان دوو بەردەکەی دەســـتاڕ، دەمو
ددانی یەکتر دەشکێنن لەپێناو ئاردی پاروە نانی
هەژارەکان.

عمر امین علی

خائینو خۆفرۆشو دزو چەتە،

کلۆڵو بەستەزمانن، نازانن

کامیرای شارەوە لەئاسمانەوە

چاودێرییان دەکات.

عمر امین علی

یاسای سـروشـت چەند بە جوانی خۆی
دەنوێنێ، کە مێشـــــوولە بە نوکەکەی
دووپشکەکان دەورژێنێ،
ڕەشەباش دێ مێشوولەکە تێکدەشکێنێ،
بۆیە ڕۆژێك ڕەشەبابێ مێشوولەکە خۆی
وون دەکاو دووپشکەکەش سەردەردێنێ.

عمر امین علی


بزماری پینەدۆز، لووتی خۆی
بەشکاندن دەدات، لەپێناوی
چاککردنەوەی کەوشی دڕاوی
هەژارێکدا.
عمر امین علی


یاسای سروشتە هەرگیز ئاوو ئاگر
نابن بە دۆست، یان ئاگرەکە ئاوەکە
دەکات بە هەڵم، یان ئاوەکە ئاگرەکە
دادەمرکێنێ.
عمر امین علی


ناوە ناوە سەردانی دۆستەکانت
بکە، بۆئەوەی ڕەزاگران نەبیت.
عمر امين على


ڕەشبەڵەکی پیتەکان
پیتەکان لە ئەلفەوە تاکو یێ،
کەرەسەی خاوی زمانی نەتەوەن،
دەتواندرێت ئاشتیو تەباییو
پێکەوە ژیانو فەرهەنگێکی
نایابیان لێ دروستبکرێت.
عمر امین علی


خەڵكی بێ وەفا مانای ئازار
نازانێت.
عمر امين على

## نەخشاندن

که نووسینێك لەسەر پەڕەیەکی سادە دەنووسیت، واتە: بەشێکی ســـادەیی پەڕەکەت ڕەش کرد، جا ئەگەر هاتوو ئەو ڕەشبوونە نەبوو بەمایەی جوانتر دەرکەوتنی پەڕەکە، واتە تۆ بەنەزانی نوکی پێنووسەکەت بەکارهێناوە.

عمر امین علی


ماچ
ماچ هەنگاوی یەکەمی تێکەڵبوونی
ڕووحو جەستەیە، شوێنەوارەکەی
لەسەر پەردەی دڵ جێدەهێڵێت.
عمر امین علی

ئەگەر نیشتمان بوو بە موڵکی
گروپێك، مافی هاونیشتمانی بوون
بە زیندوویی لە چاڵ دەندرێت.


عمر امين على

کە دەسەڵاتێکی گەندەڵ لەدایك

دەبێت، بەرتیل نۆکەری دەکات.

عمر امين على


لە هەموو بوارەکاندا، لایەنی دۆڕاو
ئەگەر دان بە شکستەکانیدا نەنێت،
لە لیتاوی ڕسواییدا زیاتر ڕۆدەچێت.
عمر امین علی


زەوی بۆ مرۆڤ وەك زیندانە،
ئاسمانیش مەیدانێکی بەرەڵایە،
کەچی کاتێك بەرزدەبێتەوەو
دەفڕێت، هیواخوازە زوو دابەزێو
بگەڕێتەوە زیندانەکەی، چونکە بە
ئەندازەی باڵندەکان شـــەیدای
ئازادیو سەربەخۆیی نییە.
عمر امین علی

مریشكی داماو قونی دەدڕیۆ

مێلكە دەكا،

كەڵەبابیش.......

دەقوقێنیۆ خۆی دەردەخا.

عمر امین علی




جندوکە مەیلی خرینگو
زرینگی دەف دەکا.
مام دێوانەش بە حەی ئەڵڵا
دێتو هانایان بۆ دەبا.
عمر امین علی


لە بنەڕەتەوە مێشکی مرۆڤ وەها نەخشاوە:
(هەرزان کڕی گران فرۆش بێت) !
بۆیە بەردەوام لە مامەڵەو دەمبەدمانێ دایە.
عمر امين على

که هیوایەکت بە سبەینێ نەبێت،

واتا ئیمرۆ کەڵکی پێوە نەماوە.

عمر امين على


له ڕەفتارەكانی ڕابەر ئەوەیە خۆی
برسی بكات بۆ تێربوونی گەلەكەی.
عمر امین علی

ئەگەر لەشارێكدا شـــــەقامەكان
ببوونە شوێنی وەستانی ماشێنو
شۆستەكان ببوونە شوێنی دانانی
كالاَی ماركێتەكان، گومانت نەبێ
لەو شارە یاسا بەرقەرار نییە.

عمر امین علی

برسی بەو سەربەست بژی

نەوەك تێربیو زەلیل بمری.

عمر امین علی


چەندە بەرز ببیتەوە،
هەر دەبێت دابەزیتەوە.
عمر امین علی


تەبایی دەرزیو داوە پینەی
پۆشاکێکی دڕاو دەکات.
عمر امین علی

که خواردنی مرۆڤەکان بوو بە ئالیك،

بە ناچاری خۆشیان دەبن بەئاژەڵ.

عمر امين على

لەزۆر هەڵوێست دا،

وەڵام نەدانەوە لە

وەڵام دانەوە بەهێزترە.

عمر امين على


ناکرێت قەساب
خاوەن بەزەیی بێت.
عمر امين علی

شێتایەتییە دوژمنەکەت بە

کەم بزانیت، مێشوولەیەک

نەمرودی هەراسان کرد.

عمر امین علی

پێڵاوەکانت لای پینەدۆزێك

چاك مەکەوە کەوشـــەکانی

خۆی دڕابن.

عمر امين على



زێڕ هۆکاری پاککردنەوەی جەســتەی ئافرەتانە لە کاریگەریەکانی خوێنی مانگانە، هەر بۆیەشە خشڵی ئافرەتان زەکات نایگرێتەوە.

عمر امین علی

## خەتەنە

خەتەنە هەنگوینی کورەی ئافرەتان بە تامتر دەکات،خەتەنەی پیاوانیش دیاری خوایە بۆ ئافرەتان.

ئافرەتێك لە مەدینە پێیان دەگوت ام عطیة، کچانی خەتەنە دەکرد، پێغەمبەریش(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی گوت: دایتاشە، بەڵام دەست دامەگرە، ئەوە دەموچاوی ئافرەتەکە جوانتر دەکاتو بەبەخت تریش (خۆشەویست تریش) دەبێت لای مێردەکەی) (سنن ابی داود/5271).

مرۆڤ کە کامڵ بوو پێویستی
بە سەعاتی دەستی نامێنێ،
چونکە سەعاتی عەقڵەکەی
دەکەوێتە گەڕ.

عمر امین علی


کەسایەتی، ڕەنگدانەوەی دیوی ناوەوەی جەستەیە بە پێی بەشداری توخمەکان، هەرکەسە خاوەن کەسایەتییەکی تایبەت بەخۆیەتی، دەکرێت دوو کەسایەتی لەیەکەوە نزیك بن، بەڵام ناکرێت وەکو یەك بن.



عمر امين علي

# له پەیڕەوی ناوخۆی چەواشەکاراندا،
# ڕاگەیاندن پاروە نانی هەژارەکانە.

عمر امين على


گرنگ نییە لە ماڵەکەت خاوەن
کتێبخانە بیت، گرنگە لە بیرو
هۆشـــــتدا خاوەنی گەورەترین
کتێبخانە بیت.
عمر امین علی


ئاگاداری ڕابردووی خۆتان بن،
هەنگاوێك بۆ دواوە، هێزێكی زیاترتان
پێدەبەخشێ بۆ پێكانی ئامانجەكان.
عمر امين على

بۆ دەوڵەمەند بوونی زانیاریت،

بەردەوام خۆت بە نەزان بزانە.

عمر امین علی


ڕازیبوون بە بەشی خۆت،
فاکسینی ڤایرۆسە دەروونیەکانە.
عمر امین علی


جندوکه له حیلەی ئەسپەکان دەترسن
وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ
وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لا تَعْلَمُونَهُمْ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ...... (60)الانفال
Inspire sua Festa

## ژانی برسیەتی

پاروەنانی هەژارەکان لە کیسەباخەڵی دەوڵەمەندەکان دایە، جا ئەوەی بەشی هەژارەکان نادات، ئەوکەسە چاوچنۆکە، چاوچنۆکیش دەمارەکانی دڵ دەمرێنێتو مرۆڤ بەرەو دابڕان دەبات.

عمر امين على



مار لە لەقلەق دەترسێت‌و شەیدای گۆشتی جوچکەکانە،

بۆیە لەقلەق هێلانەکەی لەسەر شوێنە بەرزەکانە،

تەقەتەقی دەندوکەکەی، پەیامەو بۆ مارەکانە.

عمر امين على

مادام لە نەوەکانی ئادەمو حەوایت،

شەرمەزار مەبە کە هەڵەیەك دەکەیت،

گرنگ ئەوەیە زوو پەشیمانی بنووێنی،

ئەوانیش هەڵەیان کردو پەشـــــیمان

بوونەوە.


عمر امين على



دووپشکە کە دەزێت، دەمرێتو

دەبێتە خۆراکی بەچکەکانی.

عمر امین علی


لانك، کۆرپە فێری بەرەنگار
بوونەوەی ســــەختیەکانی
ژیان دەکات.
عمر امین علی

قَالَ الَّذِي عِندَهُ عِلْمٌ مِّنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ

قَبْلَ أَن يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ... (40)النمل

**دەبێت ئەو نهێنیە چیبێت کە (ئەصەفی کوڕی بەرخیا) بەزانستی ناو کتێبەکە، لە چاوتروکاندنێك تەواوی تـەختو تاراجی بەڵقیسی لەیەمەنەوە گواستەوە بەردەم عەرشی سـلێمان لە فەلەستین؟**

**عمر امین علی**


که مامۆستا بوون بە شـــۆفێری
تەکسی، قوتابییەکانیشی دەبنە
شاگرد فیتەر.
عمر امین علی




فەیلەسوفی فەرەنسی (برنارد لیفی)، دەرهێنەری فلیمی (پێشـــمەرگە)، پێکوتەی ڤایرۆســـی دژە ریفراندۆمی کوردستان.

عمر امین علی

Bernard Levy, French philosopher, director of Peshmerga movie, is the vaccine for the Kurdish referendum phobia.

Omer Amin Ali




لە علمی حساب ئەگەر جۆرەکان دیاری نەکرێن،

هاوکێشەکان پارسەنگ نابن.         عمر امین علی


گوێلکە نێر ناسراوە بە (جوانەگا)،
کە خەسێندرا دەبێت بە (گا)،
کوێلکە مێش کە ئاوس دەبێ،
ناوەکەی دەبێت بە (مانگا).
عمر امين علی

پارە وەکو قەحبە وایە

بێ وەفایەو بەڕەڵایە،

هەر شەوێك دێت،

لە باوەشی یەکێك دایە.

عمر امين على

## هەوای ئازادی


مرۆڤ بە سەربەستی لەدایك دەبێت، مافی خۆشیەتی سەربەست بژیت، بۆیە کاتێك سەربەستیەکەی لێ زەوت دەکرێت، واتە: ستەم چەکەرەی کرد، ســــتەم کردنیش داماڵینە لە ڕەوشتە مرۆییەکان.

عمر امین علی


هەگبەی تەماح
تەماح عەمباری ویســتەکانی مرۆڤە،
چاوەکانیش دەروازە سەرەکیەکانی
ئەو عەمـبارەن، بۆیە نەبوونی بازگـە
لەو دەروازانە مرۆڤ بە هیلاك دەبات.
عمر امين علی


ماڵی ئارامو خۆشگوزەران
هاتەهاتو دەمبەدمانێی تێدا
نابیستی.
عمر امین علی


تریشقەی ڕووحە هەوری ویژدان دەبزوێنێ
فرمێســـــکە ســــاردو گەرمەکان دەبارێنێ


هەر کۆمەڵگایەك پەروەردەکراوانی
شۆڕشی چەکداری خانەنیش نەکات،
نابێتە کۆمەڵگایەکی شارستانی.
عمر امین علی


## بێ ئومێدی

که دادپه‌روه‌ری له گۆڕده‌نرێ، مرۆڤ
ناچار ده‌ڵێت: تف له ئیمڕۆو خۆزگه‌م
به دوێنێ، ئیمڕۆی تف بارانکراویش
زۆر باشتره له ڕۆژی داهاتوو، چونکه
هه‌نگاوێکم له مردن دواده‌خات.

عمر امین علی

سەرقاڵبوونی تاکەکان بە
بەرژەوەندیەکانی گیرفان‌و
دامێنەوە، پەیوەندیەکانی
کۆمەڵگا، زیندەبەچاڵ دەکات

عمر امین علی


زمان لە شمشێر بەهێزترە ئەگەر خاوەنەکەی
بزانێت بەکاری بێنێت.
عمر امين على

بۆ کڕینی پێداویستییەك نەبێت،

سەردانی بازاڕ مەکە، کاتەکەت بەفیڕۆ دەڕوات.

عمر امين على

## خۆهەڵسەنگاندن

لەژیاندا کەڵك لە هەڵەکانی خۆتو هاوڕێو دەوروبەرەکەت وەرگرە، دەنا ئاسـوی بیرکردنەوەکانت بە تەسـکی دەمێننەوەو بەرەو شکست دەڕۆیت، بۆیە شەوانە پێش خەوتن ڕەفتارەکانت هەڵسـەنگێنە، وتاری نوێژی هەینیش بۆ چارەسـەری گرفتەکانی هەفتەی ڕابردووە.

عمر امین علی


له ژیاندا سەردانی نەکەی،
بۆچی دەچی بۆ شـــــینی
ماتەمینیەکەی!؟
عمر امین علی


نەتەوە چەوساوەکان بە ئیشی
دەست بژێویان پەیدا دەکەن.
عمر امین علی

پشت بە سامانو سەروەت مەبەستن،

ماڵی ئێوە نییە، ئەمانەتە لاتان دانراوە،

خاوەنەکەی کەی بیەوێت دەیباتەوە.

عمر امین علی

له شه‌ترنجه‌وه فێربووم، هه‌موو شتێك

له خزمه‌تی مه‌لیك دایه.

عمر امين على

؟

له بیرکردنه‌وه‌دا بۆ ئه‌نجامدانی مه‌به‌ستێکی چاره‌نووس ساز، پرسیارێك دێته ئاراوه:

( تۆ له‌ژیاندا بۆئه‌وه هاتووی هه‌بیت یاخود نه‌بیت؟).

له زمانی کوردیشدا ئه‌وه‌ده‌گه‌یه‌نێ که:

( ئه‌گه‌ر هه‌یت به مه‌ردی بژیه، ده‌نا بمره).

(( to be, or not to be : that is the question ))

William Shakespeare


دەستور دەرپێی دایکی گەلێکە، ئەگەر دڕا،

هەموو کەس بە ناحەق دەستی بۆدەبا.

عمر امین علی

بەڕەفتارەکانت ڕاستی ئایینەکەت بۆ خەڵکی بسەلمێنە، نەك بە قسەکانی ئەبو هوڕەیڕە.

عمر امين على


عەتر ڕێژکردنی جەســـتە،
بۆگەنیوی ناخ ناشارێتەوە.
عمر امين علی

## سەمای ئازادی

خۆپیشـــاندان کاتێك ئامانجەکانی دەپێکێت، کە خۆپیشاندەران بوێرانە بەرەوپیلی گازی فرمێسك ڕێژ هەڵمەت بەرن و ڕووبەڕوی ستەم ببنەوە، گۆڕانکاری پێویستی بە قوربانیدانە، هاتە هاتو هۆسەو هەرا، چارەسەری دەردێك ناکا.

عمر امین علی


بەرزکردنەوەی پاژنەکان، سەر و مل قیت
دەکاتەوەو بالأش بەرزی دنوێنیٚ.
عمر امين على

سیاسەتمەدار ئەگەر فێڵباز نەبێت
لە بازگانیەکەی مایەپوچ دەبێت،
کەسێك گەر بیەوێت پارسەنگی
خۆی نەدۆڕێنێت، سیاسەت بۆ
فێڵبازەکان جێدەهێڵێ.
دوورکەوتنەوە لە سیاسەت
دەرمانی دژە پیربوونە.

عمر امین علی

## هەندەسەی عەقڵ

ئەگەر توانیت سنووری گروپو تیرەو هۆزو
نەتەوەکان تێپەڕێنیت، بە ئاسانی دەگەیتە
ترۆپکی مرۆیی، ئەوسا خۆت بە خەڵکی ئەو
زەویە بێ سنوورە دەزانیت لە ژێر کڵاوەی
ئاسمانێکی شیندا.

عمر امین علی

ئەگەر فرمێسکەکان تەبابنو یەکتر بگرن،

دەتوانن شکستەکانی ڕابردوو بنیات بنێنەوە.

عمر امين على


شێتایەتی جیهانێکە ڕاستبێژی
ناسنامەکەیەتی.
عمر امين على

قەزا (القضاء) واتە: جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی کە خوا داویەتی.

قەدەر (القَدَر) واتە: کاتی دیاریکراوی جێبەجێـکردنی فەرمانەکەی خوا، لەو ئەندازەیەی کە بۆی داناوە.

قەزاو قەدەر واتە: کاتی جێبەجێکردنی بڕیارێك کە خوا داویەتی، کەس ناتوانێ لە بەرانبەریدا بوەستێت.

عمر امين على


(سنن النسائي الكبرى (5474).
(سنن ابن ماجه (1943))
( صحيح مسلم (1453)).
مژینی مەمکی ئافرەت دەماری
خۆشەویستی دەبووژێنێتەوە.
عمر امين على

گومانم لەوەدا نییە ئەم بوونەوەرە
یەك دەسەڵات بەڕێوەی دەبات،
ئەگەر دوو دەسەڵات بان بەدەردی
کوردستانیان دەبرد.


عمر امین علی

## پێپیلکە

یەکەم پلەی پێپیلکەی کامڵبوونی مرۆیی، بە بوێریو چاوەنەترسی دەستپێدەکات، بۆیە ترسنۆکەکان هەرگیز کامڵ نابن.



عمر امین علی


ئەگەر پێنووس نۆکەری دەسەڵات
نەبێت، نووســـینەکانی بە ڕەنگی
سپی دەردەکەون.
عمر امين على

مەحاڵە هەر دەبێت دوو خاڵی جیاواز بکەونە سەر هێڵێك، مەگەر ماوەی نێوانیان نەمێنێ، ئەوسا وەکو یەك خاڵ دەردەکەون، هەرچەند یەکێکیشیان گەورەتر بێت لەوەی تریان، بەم شێوەیە تەبایی لەدایك دەبێت.

تاج بۆ تۆکمەیی دەسەڵاتە،

نەک بۆ جوانی جەستە.

عەقڵو ویژدان قبوڵی ئەوە ناکەن سیاسەتمەدار دۆسـتی مرۆڤایەتی بێت.

عمر امين على


که ڕووناکی سەردەردێنێ
تاریکایی دەیقوچێنێ،
ڕاستگۆییش کە هاتە مەیدان
درۆ دەخرێتە ناو زیندان.
عمر امین علی

هەر سەردەمە سیمای تایبەتی خۆی

هەیە، بەدڵنیاییـەوە دەوڵەمەندبوون

بەرەڵایی بەدوای خۆیدا دێنیٚ.

عمر امين على

له ململانێکانی ژیان، زانا ئەگەر
شکست بێنێت، له نەزان خراپتر
تێدەکەوێت، خوانەخواسـتـه
ئەگەر نەزانیش سـەرکەوێت
ئەوه دۆو دۆشاو تێکەڵ دەکات.


عمر امين علی


وشکە ساڵیو نەبوونی باران،

ڕەنگدانەوەی چەوتیەکانی

ئادەمیزادن .

عمر امين على


مزگەوت بەبێ میحراب نابێت، بەڵام منارەو
گومبەز ئەوە هەندەسەی مەعماری دەوڵەتی
(عەباسی)ن، بۆئەوەی سـیمای ڕۆشـنبیری
عەرەبی بە مزگەوتەکانەوە بێت، پەیوەندی
بە ئایینی ئیسلامەوە نییە.
عمر امين على


تەبایی لوتکەو بنکە،
نیشانەی خۆڕاگربوونە.
عمر امین علی

پەچە بۆ داپۆشینی ڕووی ئافرەتە،
ڕیشیش بۆ داپۆشینی ناخی پیاوە،
دابو نەریتی عەرەبە، پەیوەندی بە
ئایینەوە نییە، مرۆڤیش سەربەستە

عمر امین علی

پیســـایی لەنێو زگی مرۆڤدا پاکە، تا ئەوکاتەی دێتە دەرێ،

ئەوسا لەگەڵ ئۆکسجین کارلێك دەکاتو بۆنێکی کوشـندە بەرپا دەکا،

ئاگاداربە چۆن وشـــەکانی ناو دەمت دەردەبڕی، چونکە زۆر جاران بۆگەنیوی وشـــەکان لە بۆگەنی پیسایی کوشندەترە.

عمر امین علی


بیورو تەورداسو مشار، ئەگەر لە
تەمەنێکدا واز لە دار بڕینەوە نەهێنن،
ئەوسا سەردەمەکان ژەنگاوییان
دەکەنو لەکاریان دەخەن.
عمر امين على


نێرینە ئەوەندە بە قوڵی بیر لە
مێیینە دەکاتەوە، بۆیە زۆر بە
ئاسانی مەبەستی درێژکردنو ڕەنگ
کردنی نینۆکەکانی دەستنیشان
دەکات.
عمر امین علی

به دووربینی چاوی عەقڵت تەماشای ڕووداوو پێشهاتەکان بکە، مەهێڵە ویستەکانی دڵت بەسەرتدا زاڵبن.

عمر امین علی

ئابرو گەوهەرێکی بەهاداری

ناخی مرۆڤە، کە دەدرەوشێتەوە


دەیگەنێتە پلەی ڕێزداری،

کە دامرکاشەوە ڕسوای دەکات.

عمر امین علی

# مێژوو جیقنەی دەسەڵاتە !

(عمر امين على)




أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ...(96) ال عمران

**لەقسەی خوا زیاتر گوێ لەقســەی کەسی تر مەگرن: هەموو ئەو گیانەوەرانەی لە دەریادا دەژیەن خواردنی گۆشتەکەیان بۆتان حەڵاڵە.**



تەفسیری دیار/ عمر امین علی



هەتا هێلکە هەبێت، ژیان زاڵ دەبێت بەسەر مردن.

عمر امین علی


یاسای سروشتە، بۆ سەلامەتی ڕێگاکە
هەردەبێت گەورەیەک ڕابەر بێت.
(عمر امین علی)

قورمیشی سیاسەت



عمر امین علی

مرۆڤ دروستکراوێکی قورمیشکراوە بۆ کاتێکی دیاریکراو، ئەو کاتەش زۆر بەخێرایی تێدەپەڕێت، بۆیە پێویستە ژیرانە بەکاری بێنێت بەو شێوەیەی کە پێی ڕاسپێردراوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکو دەستکەوتنی مافەکان، نەوەك کەسێکی تر بۆ مەبەستی خۆی قورمیشی بکات، پاشان لەکۆتایی تەمەندا پەشیمانی بنوێنێ.




پولی پۆستە وەکو پەڕی باڵی کۆتر وایە.

عمر امین علی


دیاربکر

مەهاباد

قامشلو

هەولێر

تەنها شاخەکان دۆستمانن.


ڤایرۆســی گەندەڵی لەپۆلی قوتابخانە
سەرەتاییەکانەوە سەرهەڵدەدات،
لە زانکۆکانیش بەتەواوی گەشە دەکات.
لەژیانی فەرمانبەریشــدا کاریگەریەکانی
دەردەکەون.
عمر امین علی


درۆ نەکردن لەنوێژکردن باشترە،
سـزای داوێن پیسیش، لە لووت بەرزی و
خۆ بەگەورەزانین سووک ترە،
گـوزەرانـی ژیـانـی هەژار، لە دەوڵەمەندی
چروک خۆشترە.
خیانەت لەگەڵ دامێنی دایکت، لەسوودی
قازانجی قەرز، پیرۆزترە.
عمر امین علی/ رانیه



قوفڵ پاسـەوانێك نییە بۆ پاراسـتنی دەرگایەك، بەڵكو پەیامێكە
لە خاوەنەكەیەوە بۆ خەڵكی، بۆ ئەوەی كەس دەرگاكە نەكاتەوە!
(عومەر ئەمین عەلی)




دۆلار بکەوێتە هەر ماڵێکەوە،

چێشتەکەیان سوێر دەکات.

عمر امين على




(0) سفر هێمایەکی **هۆشدارییە** لەسەر سنووری بوون‌و نەبووندا، خاڵی دەستپێکی ژمارەکانە، ژمارەکانیش بەهای شـــتەکانن، ســـــفریش بێ بەهایە، بۆیە ناکرێت لەڕیزی ژمارەکان دابنرێ هێمایەکە بۆ ناســـــــــینی ئەو ژمارانەی پاش پڕی بەهای نۆ ژمارە بنەڕەتیەکە لەدایکدەبن.

عمر امین علی


ناکرێت ئاسن لە نێوان چەکوچ و سندان
نەرمی نەنوێنێ.
عمر امین علی

عەرەبانەی جووت ئەسپ، تەبایی ئەسپەکانە

مایەی سەلامەتی گەشتەکە.

عمر امین علی




ڕاستیەکان هەرچەندە بچووکیش بن، لە شەوەزەنگی ستەمکاریەکاندا دەدرەوشێنەوە.

عمر امین علی


ئەگەر باوەشێنێکم نەبێت بۆ گەرمای
هاوینو، سۆپایەکم نەبێت بۆ سەرمای
زستان، پێویستی چیم بە تابلۆیەکی
هونەرییە لەسەر دیواری ژوورەکەم؟
عمر امين على


ڕەش مار، مامۆستای وانەی عەشقە.
عمر امين على


زیرەکی ئاوێنە لەوەدایە، ڕاستو چەپی
تەنەکان دەگۆڕێتو ناشهێڵێت هەســـت
بەخۆیان بکەن.
عمر امین علی

وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْبُرُوجِ (١)البروج

﴿سوێند بەئاسمانی کەلوودار﴾.

**هەتا بەهای پیتەکان نەکرێن بە ژمـارە، لە بازگەی ســـــنووری کەلودارەکان دەربازت نابێت، جا کە گەیشتیت ئەوسا تێدەگەیت ئادەمیزاد مەخلوقێکی چەند لاوازە، هەموو شتەکانی لە ئاسمانەوە ئاراستە دەکرێن.**

ڕابەر یاسا بەسەر خۆیدا بسەپێنێ،

دەبێتە عومەری کوڕی خەتاب.

عمر امين على



میژووی عەرەب لە شوێن پێی حوشترەکانەوە چەکەرە دەکات.

عمر امین علی


پڵینگ کە بریندار بوو، دڕتر دەبێت.
عمر امين علي



# مردن ویستگەی وەستانی شەمەندەفەری تەمەنە.

عمر امين علی


ڕەنگی شین تیشکی ئاراستەکراوی
چاوە پیسەکان دەمژێت.
عمر امين علی


ملکەچ بوونی مێشی هەنگە بۆفەرمانی شاژنەکەی،

کەشانەکان پڕ لە هەنگوین دەکرێن.

عمر امین علی




بەپێی ڕۆژژمێری هجری، دەستپێکی
ڕەمەزانو جەژنی قوربان دەکەونە هەمان
ڕۆژی هەفتەوە:
سێ شەممە، 13/ 4 / 2021 دەستپێکی ڕەمەزان.
سێ شەممە، 20/ 7 / 2021 جەژنی قوربان.
ئەگەر ئەو دوو ڕۆژە تێکیان نەکردەوە، واتە هەڵەیەك
لە دەستپێکی ڕەمەزاندا هەبووە.
(عمر امین علی)


ڕێشمە کەسایەتیەکان سوكو ڕسوا دەکات.
عمر امین علی


قەومی فیل پۆستەکان بەپێی
تەمەنو شارەزاییو توانای
جەستە دابەشدەکەن.
شـــــووکردنیش بە بڕیاری
مێیینەکانە، بۆیە بەردەوام
بیٚ ئاژاوەن.
عمر امین علی

سلێمان لە مێرولەیەکی پرسی: ســاڵی چەند خواردنت دەوێت؟ ئەویش گوتی: دەنکە گەنمێك، بە دەنکە گەنمێکەوە خستیە ژێر قاپێکو، دوای ساڵێك بینی نیوەی خواردووە، لێی پرسی بۆ نیوەت هێشتۆتەوە؟ گوتی: ڕزقەکە کەوتبووە دەست ئادەمیزاد، منیش ترسام نەوەك لەبیرم بکاتو دواتر هیچ نەبێت بیخۆم!

عمر امين على


شوێنی بەرز نەك هەر كەڵەشێر،
بەڵكو مەلاش جۆش دەدات.


له مێژووی کۆپی کردنی ئادەمیزاد،
خوا یەکەمجار مێیینەی لە نێرینە کۆپی
کرد، (حەوای لە ئادەم دروستکرد)، لە
لە هەنگاوی دووەم، نێرینەی لە مێیینە
کۆپی کرد(عیسای لە مریم دروستکرد).
ئێمەشی لە هێلکەو تۆو بەدیهێنا.


بۆ ئافرەتان ژەهری هەوێ
کوشندەترە لە ژەهری خەسوو.
عمر امین علی

پیرەکان دڵنیان لەوەی

گەنجەکان تووشی شکست

دەبنو پەشیمانی دەنوێنن،

چونکە خۆیان بەو قۆناغەدا

تێپەڕیوون!

عمر امین علی

پەرلەمانی هەر نەتەوەیەک،

ئەگەر لە بەرژەوەندی گشتی

نەبوو، دەبێت بە کافتریا.

عمر امين على


یەکرِیزی:
شوورەی پاراستنی نیشتمانە.
عمر امین علی


ڕەنگەکان مانای جیاوازی
ڕەگەزەکان ناگەیەنێت.
عمر امین علی


بەهۆی جووڵەی خۆرەوە،
مەداری سوڕانەوەی زەوی بەدەوری
خۆردا سالآنە چارەگە ڕۆژێك هەڵەی
تێدەكەوێت، بۆ چارەسەری هەڵەكە
چوار ساڵ جارێك شوبات
دەبێت بە (29)
عمر امين على


ئەگەر پینە بۆ جوانی بێت،
خاوەنەکەی ناشیرین دەکات.
عمر امین علی



بۆ زانینی هۆکاری کێشەیەك وەکو ئەڵقەی پیواز بەدوایدا بگەڕێ تا دەگەیتە ناوەڕاستەکەی، ئەوسا هەموو شتێکت بۆ روون دەبێتەوە.

عمر امین علی



خوا ئەوەندەی ڕێز دایە سەگ، شەرەفی هاوڕێیەتی گەنجانی ئەشـــکەوتەکەی پێبەخشی، کەچی لەلای ئێمەش گلاوە!

عمر امين على

مەرج نییە

هەموو زیندووەکان

بخۆن و بخۆنەوە.


گرنگ ئەوەیە:

هەست بە بوونیان بکەیت.

عمر امین علی




ڕق و قینە بەشداری خوانی
تەبایی نابێت.
عمر امین علی




لەکاتی جووتبوونی ژن‌و پیاوێك، کامەیان زووتر ڕەحەت بێت، شێوەی کۆرپەکە دەباتەوە سەر کەس‌وکارەکەی خۆی. (33 - ( 314 ) صحيح مسلم).


عمر امين على

**سســـتەمی هاتووچۆی مێروولە ئەوەندە تۆکمەیە، نە شەقامەکان قیرتاو کراونو نە هێماکانی هاتووچۆش دانراون، کەچی پێکدادانو وەرگەڕانیش ڕوونادەن.**



عمر امین علی


سور کردنی لێوەکانی مێیینە پەیامێکی ئاگردارە.
عمر امین علی



پیرۆزی باڵندەکان لەوەدایە کە
گرنگی بە پۆشاکەکانیان نادەن،
بۆیە هەژارو دەوڵەمەندیان تێدا
بەدی ناکەیت.
عمر امین علی


کرنگ ئەوە نییە هەموو خەڵکی تۆ
بناســـــن، ئەوەی گرنگە تۆ هەموو
خەڵکی بناسیت، بۆئەوەی خزمەتی
چاکەکان بکەیـتو لە خراپەکانیـش
بەدوور بیت.
عمر امين علی




پەپوسلێمانە، وەکو فرۆکەی ئاواکس، هەموو نهێنی عەرشی بەڵقیسی لە یەمەنەوە گەیاندە سـلێمان لە فەلەستین.        (22) النمل، تەفسیری دیار/عمر امین علی


تەمبەڵی ئادەمیزادە،
ئاودەست خزاوەتە نێو
چەقی ماڵەکان.
عمر امین علی




ئەندازیاری بۆماوەزانی ئاڵۆزترین زانستە.

عمر امين علی




له علمی فه‌له‌کدا، نۆ که‌وکه‌به‌که‌ی کۆمه‌ڵی خۆر، ده‌بێت به‌رده‌وام که‌وکه‌بی پێنجه‌م له ناوه‌ڕاســت بێت، بۆئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ سوڕانه‌وه‌و جووڵه‌شدا پارسه‌نگی کۆمه‌ڵه‌که تێکنه‌چێت.

عمر امین علی



له علمی بۆماوه (الوراثة)، پێویستیت به فه‌حسی خوێن نییه، ته‌نها به سه‌رنجی عه‌قل هاوکێشه‌کان شـــــیکار ده‌بن، پیاوێکی چاوڕه‌شی یه‌ك ڕه‌گو ژنێکی چاوڕه‌شـــــــی یه‌ك ڕه‌گ، مه‌حاڵه منداڵی چاوشینیان نابن.

عمر امين على



ئەوە ئونگوستیلەی دوورمانە، ئەگەر دەرزییەك بە قوماشێكدا تێنەپەڕی لە پاشەڵیەوە فشاری دەخاتە سەرو تێیدەپەڕێنێ، فشاری ئونگوستیلەی سیاسەتیش لەسەر پاشەڵی پەرلەمانتار، دەبێتەهۆی تێپەڕاندنی یاساكان.

عمر امین علی



برنج بە بێ پالاوتن، خواردنێکی تایبەتی خەڵکی کابوڵی پایتەختی ئەفغانستانە بە (کابوڵی) بەناوبانگە، لە کوردستانیش کردوویانە بە (قبوڵی).

عمر امین علی


CHILDREN'S DAY
که منداڵ بووین له خۆشیەکانی ڕۆژانی جەژن، لەلای
عەولاّ کوێری دەلاّڵ کۆدەبووینەوەو دەمانگوت:
عەولاّ کوێری دەلاّلاّن، ئەویش وەلاّمی دەداینەوە:
دەگیەم دایە مندالاّن، زرمەیەکیشی لە دەهۆڵەکەی
دەهێنا، ئێمەش لە خۆشیان دەمانکرد هەلاّ.
عمر امین علی




تەماشاکەرانی نێو یاریگایەك، لە هەموو کەس باشتر هەڵەی هەردووك تیپەکە دەبینن.

عمر امین علی



لاوازی ئادەمیزاد لەوەدایە: هەر ئەوەندە حاڵی بووە کە گوێ تەنها بۆ بیستنە.

عمر امين على




کلێنچەی ئادەمیزاد وەکو فلاش میمۆری وایە، هەموو زانیارییەکی لەسەر خاوەنەکەی تێدایە، گڵ هەموو جەستەی ئادەمیزاد شیدەکاتەوە، تەنها کلێنچەکەی نەبێت، لەڕۆژی دواییدا لەو فلاش میمۆرییەوە بێ زیادو کەم وەکو خۆی دروستدەکرێتەوە.

(عمر امين على)

مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ (19) بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ (20)الرحمن



هەرچەندە بەفریش لە پێکهاتەی ئاوە،

بەڵام جیاوازی چڕیەکانیان ناهێڵێت تێکەڵبن.

دوو دەریای شیرینو سوێریش بەهۆی

جیاوازی چڕیەکانیان ئەبەد تێکەڵ نابن.



خرخاڵ زەنگی لەرینەوەی قاچەکانی ئافرەتە، دڵی نێرینەکانی پێ دەورژێنێ، خرخاڵی قاچی ڕاستیش مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە.

عمر امين علی

ڕیفراندۆمی کوردستان، ڕاخستنی فەڕشی سور بوو بۆ پێشوازی سەربەخۆیی.

عمر امین علی




لەنێوان بەستەڵەکی زستانو مەنجەنیقی
هاویندا، لەوەڕگاکانی بەهار بەهەشـــتی
ئاژەڵەکانەو، پایزیش بۆ ئادەمیزادەکان
شەربەتخانەی شەڕابی میوەکانە.
عمر امين على



ژانەکانی ڕابردوو، دەبنە بەردی بناغەی
بنیاتنانی داهاتوو.
عمر امين على



هەر ئەنگوستیلەیەکی پەنجەی ئافرەتان بەپێی پەنجەو شوێنو ژمارە مانای تایبەتی خۆی هەیە، خوا پیاوان بەدوور بگرێت لەمەکری ئەنگوستیلەی پەنجەی گەورە.

عمر امين علی




**خواردنەوەی مەشڕوب، بێ هیواییە،**

**هانابردنە بۆ بەر دنیای خەیاڵ.**

عمر امين على


بەهۆی ڕەفتاری قەومی (لووت)ەوە مرۆڤ فێری
جادوو دەبێت، ڕێگە بۆ جندووکەکان خۆشدەکرێت
بچنە نێو جەستەیەوە، کارئاسانی بۆ بکەن،
ڕەگی هێلکەدانی ئافرەتیش وشک
دەکاتو نەزۆک دەبن.
عمر امين على
دەریای مردوو




چوکلیات، فیشەکی شەڕی ڕۆژانی جەژنە.

عمر امین علی


که ئەرکێکی نیشتمانیت بەجێهێنا
چاوەڕێی هیچ پاداشتێک مەکە،
چونکە تەرازوویەک دەستناکەوێت
بۆ کێشانی ئەو پاداشتە.
عمر امين على




به دڵنیاییەوە مێژووی لەدایك بوونی مقاش،
دەکەوێتە دوای سووتانی پەنجەکان.
عمر امین علی



# میرزا مەنگوڕی لەسەر گێڕانەوەی خەونێکی زانستی، لەنێو چیرۆکی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ)، ئەوەندەی نەمابوو ڕەجم بکرێت،

عمر امین علی




مەرگە ناوی (مەرجین) بوو، پانۆڕامای مەرگی لەشکرەکەی خالیدی وەلید کردی بە مەرگە.

عمر امين على



پارچە ئێسكێك، دڕترین سەگ لە حەپە دەخات.

عمر امين على




یەکەم ویستگەی پاسی زانست باخچەی ساوایانە.



تەبایی چەرخەکانە کە ئەسپی ئاسن بەبێ گرفت

بەرەو پێشەوە دەڕوات.　　　　　عمر امین علی


بابرسیشت بێت،
بەلاّم مەهێلّە لەزانست دابڕێیت
دەنا وەك ئاژەلّی کێویت لیّدێت.
عمر امین علی



# فیشەك پێنووسی نا کامڵەکانە .


عمر امین علی




مەتا تەنگاو نەبیت،

گرنگی ئاودەستت بۆ دەرناکەوێ.

عمر امين على




قارەمانەکان تەنها لە گەردنیانەوە ناخنکێندرێن.

لە مەنعەتەجەولەکەی ساڵی (63)، دوو ئینزیاتی لیوای بیسـت لەمەڵکەندی خولەیان دەستگیر کردبوو، ئەویش هاواری دەکرد: بەرمدەن خنکام!

عمر امین علی



بێژینگ، دادوەرێکی دادگای باڵایە.

عمر امين علی


مەحاڵە هەر سەردەکەوێ
ئەو میللەتەی سنگی کچانی،
وەکو قەڵغان
لە هەڵمەتدا پێشدەکەوێ.
عمر امین علی



بەلوعە، پاسەوانێکی بێ چەکی دەروازەی ژیانە.

عمر امین علی



گسك، ئەندامێکی کارای دەزگای خاوێنی ژینگەیە.

عمر امین علی



ئاو پیسی جەستە پاکدەکاتەوە،

بەخشینی ماڵوسامانیش،

پۆخڵەواتی دەروون ڕادەماڵێت.

عمر امين على



پاكو خاوێنی ترۆپكی شارستانیەتە.

عمر امین علی




ئەگەر دەهۆڵو زوڕنا بوون بە ئامێری مۆسیقا،

ناکرێت چاوەشەکان نەبن بە هونەرمەند.

عمر امين على


بایكۆت:
بێدەسەلاتییە !
عمر امین علی



گوێدرێژ، کە بە ڕێبازێکدا دەڕوات، بۆ جاری دووەم شارەزا دەبێت، مرۆڤیش ئەگەر جاری دووەم‌و سێهەم شارەزایی پەیدا نەکرد، حەق وایە بیرێك لەخۆی بکاتەوە.

عمر امین علی

دەڵێن: دارێك كە بەر نەگرێ، بزمارێـك
لە ڕەگی بدرێ، وا دەزانێ هەڕەشـــەی
بیورو مشارە، لەترساندا ساڵی داهاتوو
بەردەگرێ.

عمر امين على



لۆگۆی نەتەوەیەکی پارە پەرست.

عمر امین علی

شیرازەی کۆمەڵگا، لە دامێنەوە
دەستپێدەکات، ئەگەر پاسەوانی
دامێن نەما، مرۆڤ کێوی دەبێت.

عمر امین علی


مۆم ئەگەر بۆخۆی نەتوێتەوە
دەوروبەرەکەی پێ ڕووناك
ناکرێت.
عمر امين على

مێیینه جوان بێت یان ناشـیرین، کورت
بێت یان باڵا بەرز، مەبەستەکە ناگۆڕێ،
ئەوەی گرنگە نەهێڵێ نێرینە بەرەڵا بێو
لەسایەو سێبەرەکەیدا بیحەوێنێتەوە.

عمر امین علی

تەنگەبەریەکان مرۆڤ قاڵدەکەنەوەو

بڕوانامەی خۆڕاگری پێدەبەخشن.

عمر امین علی



ماسی قومێك لە ئاوی دەریاکەی ناخواتەوە، نەوەك ئاوەکە ببڕێتو کۆتایی بە ژیانی ناو دەریا بێت، بۆیە لە حەسرەتان ناوزگی ڕەش دەبێت.

عمر امین علی

لە فەرهەنگی پیاوەتیدا هەر ئەوەندە

تێگەیشتم کە مانای ڕێز لە ئافرەتان

دەگەیەنێت.

عمر امین علی

لە دیموکراتیەتدا، سیستەمەکە
ئەوەندە تۆکمەیە، ئەگەر تاکێك لە
هەڵبژاردن مەیلی بەشداری نەبێتو
دەنگیش نەدات، گوناحە دەنگەکەی
بفەوتێ، سەرئەنجام بیەوێت یان
نەیەوێت دەنگەکەی لەبەرژەوەندی
هەڵبژاردن هەژمار دەکرێت.

عمر امین علی



زیندانی تاوانبارێك وەرگرتنەوەی مافی ستەم لێكراوێك نییە، بۆیە زیندان بۆ سزادان نییە؟ بەڵكو بۆ ئەوەیە تاوانبار لەژێر دەستی دەوڵەتدا بێت، بەزووترین كات لەماوەی چەند ڕۆژێك ببرێتە بەردەم دادگا، جا لەوێ لە زیندان ڕزگاری دەبێ و سزای تاوانەكەی وەردەگرێت.

عمر امين علی



بوتوکس بۆ بەتامکردنی ماچی لێوەکان نییە، بەڵکو
بۆ هەڵخەڵەتاندنی نێرینەکانە، دوای ماوەیەك مێیینە
دەکات بە مەیمون.

عمر امین علی

له بوواره دژەکاندا، سەرما دژی گەرمایە، ڕووناکی دژی تاریکییە، هەژاری دژی دەوڵەمەندییە، مردن دژی ژیانە، ناکرێت لە یەك کاتدا سەرماشت بێتو گەرماشت بێت، دەوڵەمەندبیتو هەژاریش بیت، گۆڕینی ژیان بۆ مردن گواستنەوەیە لە ژیانەوە بۆ مردن، بەبوونی هۆیەکی یاریدەدەر کەویستی دروستکەرەکەیە لەکاتێکی دیاریکراو.

جا لەسەر ویستی دروستکەرەکە خۆتان ئامادەکەن بۆ مردن.

گۆڕینی مردنیش بۆ ژیان گواستنەوەیە لەمردنەوە بۆ ژیان، بۆیە مردن کۆتایی بوونەکەت نییە، هەر دەگەڕێیتەوە بۆ ژیان بە شێوازێك کە جارێکی تر نەمریتەوە بەبوونی هۆیەکی یاریدەدەر کەویستی دروستکەرەکەیە لەکاتێکی دیاریکراودا.

عمر امین علی



له بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، له بناری کۆسرەت، دکتۆر نەبوو، که یەکێك نەخۆش دەکەوت، بەپـەله دەزبێحەکەی (نەنە حەبیبیان) له میرزاڕۆســتەم بۆ دەهێناو دەیانخستە سەر زگی، نەخۆشەکه یەکسەر چاکدەبۆوە.

عمر امین علی



(مێشكی مێشە هەنگوینە كە قەبارەكەی لەســـەری دەمبوسێك تێناپەڕێت، خێراترین وەڵامدانەوەی هەیە بۆ جێبەجێكردنی كارەكان، بەشـــێوەیەك لەماوەی یەك چركەدا وەڵامی جێبەجێكردنی یەك ترلیۆن كارو فەرمان دەداتەوە). (تەفسیری دیار/عمر امین علی)



مەلا لۆكز گێڕایەوە: لەمزگەوتی گەورەی ڕانیە، مامۆستا قسـەی بۆ خەڵکێك دەكرد، سـەگێکیش هات بەرانبەری دانیشت، منیش پێمگوت عەیب ناكەی هاتوویتە مەجلسی مامۆستا؟ بە نابەدڵی هەستاو مزگەوتەكەی جێهێشت.

عمر امين على

# 0.1

## ئۆپۆزسیۆن واتە: سفری پێش فاریزە.

(بە کەری ناوێرێ لە کورتانەکەی دەدات)

عمر امین علی



# مۆری موختاری شارۆچکەی پردێ

ئۆکتۆبەری 2017　　　عمر امین علی



ئاسودەیی باڵندەکان لەوەدایە، بیر لە کۆکردنەوەی سامانو سەروەت ناکەنەوە، بۆیە بەردەوام ئازادن.

عمر امین علی



بەکارهێنانی دەفری تیڤاڵ، نیشانەی تەمبەڵی کابانە،
پلاّوی سەر پۆلوی داربەڕوش، تامو لەززەتی نانخوانە.

عمر امين على




دەریای مردوو نزمترین پەڵە ئاوی سەر گۆی زەوییەو بەردەوامیش لە دابەزیندایە، دەبێت بەرنامەی چیبێت بۆ ژیان لەسەر زەوی؟




دەنکە شقارتە نییە کە ئاگرێك بەرپا دەکا ، گڕی ناخی بەکارهێنەکەیە دەنکە شقارتەکە ئاگر دەدا .

عمر امین علی



هەرچەندە دیارنین‌و لەژێر خاکدان، بەڵام کاریگەری ڕەگەکانە، کە نەمام باڵا بەرزی دەنوێنیٚ.

عمر امین علی



گەڵای درەخت و شەپۆلی دەریا،
شاشەی دەرکەوتنی ڕەشەبان.        عمر امین علی



ڕەنگەکانی پەڕی تاووس، شکستیان بە بیردۆزەکەی

داروین هێنا.


عمر امین علی



تاوانی ئاسمانی تێدا نییە، خاشاکەکەی دەکەوێتە سەرزەوی،

تەماحکاری زەوییە هەموو شتەکان بۆلای خۆی کێش دەکات.

عمر امين على




**﴿(له دیداری پەروەردگاردا)، ماوەی نێوان خواو محمد وەکو دووری ئەوسەرەو سەری کووڕی دوو کەوان یان کەمتر بوو﴾.**

عمر امين على



نێرینەی جالّجالۆکە، ڕاستەخۆ دوای جووتبوون دەمرێت،

ئایا لە خۆشیان ڕووح دەدات، یان مێیەکە دەیکوژێت؟

عمر امین علی




(عبدالملك كوڕی مەڕوان) عاشقی قورئان بوو، کە کرا بە خەلیفە، بە قورئانەکەی گوت: ئەوە دابڕانی منو تۆیە.

عمر امين على




(مێش کۆئەندامی هەرســـــی نیە، بە هەرسکردنی دەرەکی ماددە هەرسکەرەکان بەســـەر خۆراکەکەدا دەڕێژێتو، بەهۆی بۆڕیەکەوە دەیانمژێتو ڕاستەوخۆ لەخوێنەوە دەگەنە خانەکانی لەشی، هەر هەوڵێك بدەی ئەوشتانە لەمێشـەکە وەرگریتەوە، دادت نادات و بێ کەڵك بوون، چونکە خواردنەکان بەهۆی ماددە هەرســکەرەکانەوە لەیەك هەڵدەوەشێن. (تەفسیری دیار/ عمر امین علی)

یَا أَیُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ إِنَّ الَّذِینَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ لَنْ یَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِنْ یَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَیْئًا لایَسْتَنْقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ (73)الحج




(١٩٩١/٤/٥) ، کارتی سوری هێڵی(36)ی بڕیاری (688)ی ئەنجومەنی

ئاسایش میللەتێکی لە قڕکردن ڕزگار کرد.　　　　　عمر امین علی



لاوازی یاسا دەستکردەکانە کە دادوەر لەسەرەتای
کێشەکان هانا بۆبەر سوێندخواردنی قورئان دەبات.

عمر امین علی



ئەو ڕۆژەی کە ڕادەگوێزرامو بە زیندوویی لە چاڵ دەنرامو کیمابار ان دەکرام، کافرەکان بۆم دەگریانو، موسڵمانێکیش نوقەی لێوە نەدەهات.

عمر امين على

دایکە فەڕەنسیەکەی نەتەوەی کورد .

## دانیال میتران

عمر امین علی



# مارگرێت جۆرج شیلو

موعجیزەو نهێنیەکانی


قارەمانێکی کورد.



عمر امین علی



گوتفرید موللر (١٩١٤-٢٠٠٩)



(رمزي نافع آغا رشيد آغا)

(له ڕۆژهەڵاتی گڕگرتوو) 1943

بیرەوەریەکانی موللر و هاوڕێکانی، لەئەشـــکەوتی (کونەفلوسی)، تەماحی قاچاغچییەك چارەنووسی نەتەوەیەکی زیندەبەچاڵ کرد.

عمر امین علی


لێبووردن باڵای لە تۆڵە
بەرزترە.
عمر امین علی


مەحاڵە قاچاغچیەتی
ببێتە دۆستی یاسا.
عمر امين على


شکستی قوتابییەکان لە فشەڵی
مامۆستاکانەوەیە.
عمر امين علی

هەر کارێکی خراپ بەکاردانەوەیەکی خراپ
چارەسەر بکرێت، کارەکە خراپتر دەکات.

عمر امین علی



کەللەی ڕەق گوڵی تێدا ناڕوێت.

عمر امین علی


ABC
شەممە
(مێژوو)
تەپکی حمد ئاغاو کلاّوی
قاسم دوو تابلۆی خوێناوی
مێژووی نەتەوەیەکن.
عمر امین علی
Fatakat.com


science
اوكسجين
یارمەتی گڕگرتن دەدات
$2H_2 + O_2 = 2H_2O$
هیدروجین
گڕ دەگرێت
ئاو
ئاگر دەکوژێنێتەوە



مەحاڵە حوشـتر بەبێ بیابان، یان بەڕوو بەبێ چیا بژیەن، کەچی مرۆڤ لەپێناو تێربوونی باخەڵو دامێن، بە ململانێی مەرگی ئیجەدا کۆچ دەکەن، بۆئەوەی بەڕەنجبەری بژین.

عمر امین علی



منجل
بكرسكان
Biana
بيانا
Endza
اندزا
Balisan
بيلسان
ڕانیه، مێژووی لەدایکبوونێکی نوێ
٥/ ٣/ ١٩٩١
Shkarta
شكارتا
Sarkapkan
سركبكان
92052
Ranya
رانية
Siktan
سكتان
Hajiawa
حاجياوا
36°15'18"N 44°52'56"E
Gird Goran
جرد جوران
جوارقورنه
Sarsian
سرسيان
Khdran
خضران
Dukan Lake
Kaniwatman
كنيوتمان
Koysinjaq
كويسنجق